ئەنجومەنی کۆمیسیاران: ئامرەکانی ژماردن تەکچون و بە دەست دەنگەکان جیا دەکەینەوە



ئەنجومەنی کۆمیسیارانی عێراق رایگەیاند؛ بەهۆی ئەوەی ئامرەکانی ژماردنی دەنگەکان کێشەیان تێدایە، بەشێك لە سندوقەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەنتەری وردبینی و بە دەست دەژمێردرێن.

ئەنجومەنی کۆمیسیارانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند؛ بەپێی یاسای ژمارە 4ـی ساڵی 2023، گەر تا شەش کاتژمێر ئەنجامی دەنگەکان نەنێردرێن، ئەوا سندوقەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەنتەری وردبینی و بە دەست دەژمێردرێن.

ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە کە تا ئێستا دەنگەکان لە بەشێکی بنکەکان نەنێردراون و هۆکارەکەیشی دەگەڕێنرێتەوە بۆ کێشەی هونەری لە ئامرەکاندا و دەڵێت: لەلایەن کۆمپانیا کڕیەکەوە ئاگادارکردنەوەمان بۆ هاتوە.

ئەوەش ئاشکرا کراوە کە دەست دەکەن بە گواستنەوەی سندوقەکانی دەنگدان بەپێی

پارێزگاکان بە سەنتەری وردبینی کۆمیسیۆن و جیاکردنەوەی دەستییان بە دەکرێت و دواتریش ئەنجامەکان دەنردرێن بۆ پێداچنکردن و وەرگرتن.